کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
25-9-2007 1:28بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## مام جەلال لە ماوەی مانگێکدا دوو جار سەگی نووستوومان لێ بە ئاگا دێنێ... هیوا موحەممەد

لە دوو لێدوانی ڕۆژنامەوانی جیا جیادا و لە دوو کاتی جیاوازدا سەرۆکی عێراق دەڵێ (ئەگەر عێراق و سووریا و ئێران سنوورەکانمان لەسەر دابخات ئێمە هیچمان پێ ناکرێت) بەڵێ ئەمە دەکرێت بیرکردنەوەیەکی ناو خۆی دەستەڵاتی سیاسی کورد بێت و نەدرکێندرێت، نەک پێش ئەوەی ئەوان هەڕەشەمان لێ بکەن خۆمان بانگەشەی بۆ بکەین، من ئەوەندە دەزانم ئەم بیر کردنەوانە دەبێت بە نهێنی لە ناو ستراتیژیەتی کاری پارتایەتیدا بێت و ئەوەندە بە بێ دەستەڵات و کەساس خۆمان نیشان نەدەین تاوەکو ئەوان پێمان پێ بکەنن، ئەی باشە ئەم هەموو ساڵە نەتوانراوە کارێک بکرێت کە ڕوو بەڕووی ئەو مەترسیە ببینەوە ئەگەر ئەوان مەترسییان لەسەرمان بووە؟ ئەی کاسترۆ و گیڤارا لەناو ئەمریکادا شۆڕشیان نەکرد و تا ئێستاش یەکێک لەو وڵاتە کۆمۆنیستانەیە کە بەسەر پێ وە ماوە؟ دەکرا ئەوان بڵێن ئێمە شۆڕشمان پێ ناکرێت لەبەر ئەوەی لە قارەی ئەمریکادایین و لێیانەوە نزیکین؟ئەی ناکرێت کوردستانیش هەڕەشە لە ڕاگرتنی ئەو سەدان بازرگانە تورک و فارس و سوریيانە بکات کە بە مەلاین دۆلار لە بازاڕی کوردستاندا ساغ دەکەنەوە؟ دیارە دەتانەوێت بڵێن کە ئەوان پێویستییان بە بازاڕی ئێمە نیە، بە دەیان کارخانەی گەورەی غازی ئەنتاب بەرهەمەکانیان لە کوردستاندا ساغ دەکەنەوە، هەروەها لە تاران و ورمێ و کرماشان و شارەکانی دیکەی ئێرانەوە کەل و پەل دەنێردرێت بۆ کوردستان، بازاڕی کوردستان ئاو بییات جلو بەرگی سووری دەیگرێتەوە. مام جەلال کەوا دەڵێت لاوازیشمان لە بەرامبەر عێراق دەردەخات، عەرەبی عێڕاقیش پێمان دەڵێ دەی ئەگەر وایە دانیشن لەگەڵمان وەکو برا و فزە مەکەن.. دەبوا ڕۆژنامەوانێک ئەو پرسیارەی بکردایە ئیتر ئەویش دەی ووت ڕاستە یان نا ئەمە شتێکی دیکە بوو، چونکە لە زمانی ئەوە و لە ماوەیەکی کورتدا دووبارە بوونەوەی دەبێتە خنکاندنی ئومێد و هەستی نەتەوەیی لای تاکی کورد، تاکی کورد ئەگەر هەست بکات هەرکات ئەو سێ دێوە زمەیە خۆیان ڕاوەشاند ئەوە ئێمە دەکەوینە سەر ئەژنۆ ئیتر خەباتی چی بکات؟ئەی ئەو هەموو کوڕی خەڵکە بۆ لە ژێر سەرکردایەتی مام جەلال داو بۆ دروشمی کوردستانی گەورە شەهید بوون؟ئەو کات بۆ بەخەڵکی نەووت (پێش ئەوەی بە شەهید بوونیان بدات) کە ئێمە هیچمان بۆ کوردستان پێ ناکرێت؟ئەی چۆن لەگەڵ مامۆستا برایم هاو خەبات بوون کە دەڵێ (نەعەرەبم نە ئێرانیم نە تورکێکی شاخستانیم.. من کوردم و کوردستانیم) باشە کورد و کورد بوون نابێ دەوڵەتی هەبێت؟ لەمانە خراپتر ئەو قسانە کارتێکەری مێژوویان لەسەر نەتەوەکەمان و داهاتووی دەبێت، ئەوە بۆ مێژوو تۆمار دەکرێت کە ئێمە لەم سەردەمەدا بە لای بیری ئەوەدا ناچین کە بە خەونیش دەوڵەتی خۆمان هەبێت، ئایا دەبێ بوش و سەرانی دیکەی جیهان بڵێن چی کاتێ سەرکردەیەکی کورد گەلەکەی دەترسێنێ و بەوەکالەتی دوژمنەکانی هەڕەشەی ئەوەیان لێ دەکات کە ئەوان سنوورەکان داخەن ئێمە فەلەج دەبین؟ ئەی سازمانی نەتەوە یەکگرتووەکان نیە داکۆکی لە میللەتێک بکات کە دە ڕگاکانیان لەسەردادەخەن؟ ئەی یاسا نیە بۆ ئاواڵەیی سنوورەکان و لە بەرژەوەندی هەردوو لا نیە؟ چۆن لەکاتێکدا کە وولاتانی هاوپەیمان و ئەمریکا کورد بە دۆستی نزیکی خۆیان دەزانن، لەم کاتەدا ئەم (چۆکدادانە ئاشکرایە بووترێت) ؟ من لەگەڵ ئەوەی کە لەگەڵ بانگەشەی ئەوە نیم کە دەوڵەتی کوردی دامەزرێت لەم کاتەدا، بەڵام لە بیرۆکەکانی مێشکمدا قەتیان دەرناهێنم و دانیش بەوەدا نانێم کە ئەگەر ئەوان سنوور دابخەن لێمان ئەوە ئەو شتە جوانانە لە هەولێر نابینین، دەوڵەتی کوردی دەبێت دروست بێت جا درەنگ یان زوو ئەوە دەکەوێتە سەر ستراتیژیەتی کاری پارتەکوردستانیەکان و بارو دۆخەکانی ناوچەکە.. بەڵام ناکرێت سەرۆکێک ئەوەندە کۆلەوار بێت و بکرۆزێتەوە و خەڵکەکەی بەوە بترسێنێت کە ئاگایان لەوە بێت کارێک نەکەن سنوورمان لێ داخەن، ئەوا ئەوڕۆکەش خێرا ئێران قسە (پیرۆز و گرنگەکانی مام جەلالیان) بەکار هێناو ڕایگەیاند کە ئەگەر ئەو کەسە ئێتیلاعاتیەی کە لە سلێمانی لە لایەن ئەمریکاوە گیراوە بەرنەدات ئەوا سنووری لەگەڵ کوردستان دادەخات.. دەبڕۆ دەی مامە گیان ئاوا سەگە نووستوەکانمان لێ بەئاگا بێنەوە... ا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.